Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.1.3

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Govan Sabah Abduljabar
kovan.sabaah@gmail.com

RECEIVED :12 /06/2024
ACCEPTED :14/09/ 2024
PUBLISHED :15/02/ 2025

# کاریگەری ستراتیژی دەوڵەمەندکرنی هۆکارەکان لەسەر دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان لای قوتابیاني پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە

**گوڤان صباح عبدالجبار**/ قوتابخانەی ئاڤاری بنەڕەتی تێکەڵاو، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران،وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان-عێراق

**الهام احمد حمه الزهاوی** / بەشی زمانی عەرەبی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان،
دەستکەوت،
بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیژی دەوڵەمەندکرنی هۆکارەکان لەسەر دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان لای قوتابیاني پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە، هەردوو توێژەر بەباشیان زانی ڕێگای ئەزموونی بەکاربهێنن چونکە گونجاوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە.

کۆمەڵگای توێژینەوە پێک دێت لە (1506 ) قوتابی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران، هەروەها نموونەی توێژینەوە لە (72) قوتابی پێک دێت دابەش کران بەسەر دوو کۆمەڵە ئەوانش بریتین لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوو کۆمەڵەی ئەزموونی هەر کۆمەڵەیەک (36) قوتابی لەخۆدەگرێت، کە بەشێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردران لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بۆ سالی خوێندنی ٢٠٢٣- ٢٠٢٤

لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجی توێژینەوەکە هەردوو توێژەر دوو ئامرازیان بەکارهێنا ئەوانیش بریتین لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە، دوای کۆکردنەوەی زانیاریەکانی توێژینەوەو شیکردنەوەی ئاماری، ئەنجامی توێژینەوەکە سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بوو بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە هەریەکە لە دەستکەوت و بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1–ناساندنی توێژینەوە

### 1-1 گرفتی توێژینەوە.

ئەم سەردەمەی ئێستامان کە ناسراوە بە سەردەمی زانست و تەکنەلۆجیا پێویست دەکات گرنگی بدرێت بە گەشەپێدانی توانست و کارامەییەکانی قوتابیان لە پێناو ئەوەی کە تاک توانای خۆ گونجاندنی هەبێت لەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژیت و توانای چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی هەبێت کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە،لەبەر ئەوەی بابەتی زانستەکان ڕۆلێکی لە ڕادەبەدەری هەیە لە زیاد کردنی زانست و زانیاری و کارامەیی و بەهاو ئاراستەی قوتابیان بۆیە پێویستە گرنگیەکی زۆر بدرێت بە ڕێگای وانەووتنەوەی زانستەکان و هەمەجۆر کردنی ئەو هۆکارانەی کە وانەکە چێژبەخش دەکەن و دەبنە هۆی هاندانی پاڵنەری قوتابیان بۆ فێربوونێکی کاریگەر.

هەردوو توێژەر لە ماوەی کارکردنیان وەک ماموستا لە بواری پەروەردەو فێرکردن تێبینی ئەوەیان کردووە کە زۆربەی ماموستایان سکاڵای نزمی نمرەی دەستکەوتی قوتابیەکانیان دەکەن لە بابەتی زانستەکان هەروەها پێیان وایە کە قوتابیەکانیان ئاستیان لاوازە لە بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە، ئەمەش بۆ ئەو ڕێگا تەقلیدیانەی وانەووتنەوە دەگەڕێتەوە کە لە قوتابخانەکانمان بەکاردێت، کە تیایدا ماموستا قسەکەرو چەقی پرۆسەکەیەو قوتابیش تەنها گوێگرێکەو هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنی نیە لە پرۆسەکەدا و ئەرکی تەنها ئەزبەرکردنی زانیاریەکان و دووبارە گەڕاندنەوەیەتی لەکاتی تاقیکردنەوەکان بەبێ ئەوەی گرنگی بدات بەکارامەییە جۆراوجۆرەکانی بیرکردنەوەی زانستیانەو بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە بەڵگەهێنانەوە بۆ هەر پرسیارێک کە ڕووبەڕووی دەکرێتەوە.

بەکارهێنانی ڕێگا هاوچەرخەکانی وانەووتنەوە لە بابەتی زانستەکان وادەکات بابەتەکە چێژ بەخش و ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن لای قوتابیان و دووریان دەخاتەوە لە هەست کردن بە ماندوو بوون و بێزاری لە کاتی وانەکە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی حەزوو ئارەزوو پاڵنەریان بۆ خوێندن کە کاریگەریەکی ڕاستەخۆی دەبێت لەسەر زیاد بوونی نمرەی دەستکەوت و گەشەکردنی کارامەیی بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوەیان، بەم شێوەیە قوتابیەکانمان دەتوانن لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاریە خێراکانی جیهان دا هەڵ بکەن و لە کاروانی پێشکەوتن و زانست دانەبڕێن.

بواری ڕێگاکانی وانەووتنەوە پێویستی بە توێژینەوەی ئەزموونی هەیە کە گرنگی بدات بە بەکارهێنانی نموونەو ڕێگاو ستراتیژیەکانی فێربوونی چالاک بە مەبەستی زانینی کاریگەریان لەسەر تێگەیشتن و فێربوون و گەشەکردنی بیرکردنەوەو زیاد بوونی دەستکەوتی قوتابیان کە یەکێک لەو ستراتیژیانە بریتیە لە ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان.

بەم شێوەیە دەتوانین گرفتی توێژینەوەکە دیاری بکەین لەمیانەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی خوارەوە:

ستراتیژی دەوڵەمەندکرنی هۆکارەکان چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان لای قوتابیاني پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە؟

### 2-1 گرنگی توێژینەوە.

ڕێگاو شێوازەکانی وانە وتنەوە بەیەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکان دادەنرێت کە هەموو ماموستایەک پشتی پێ دەبەستێت بۆ دانانی پلانی وانەووتنەوەو دابینکردنی کەش و هەوایەکی پر لە چالاکی بۆ جیبەجێکردنی ئامانجەکانی وانەکەی بە گوێرەی ئەو کاتەی کە بۆی تەرخان کراوە، هەڵبژاردنی ڕێگای وانە وتنەوەی گونجاو دەوەستێتە سەر ماموستای بە تواناو لێهاتوو چونکە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ قوتابی کارێکی ئاسان نیە بە ڕێگا کلاسیکیەکانی وانەوتنەوە بەلکو پێویستە ماموستا هەوڵ بدات باشترین ڕێگا و نموونەو ستراتیژیە هاوچەرخەکانی وانە وتنەوە بەکاربهێنێت. (سعد وعایز، 2014،ص 2)

بە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە بواری ڕێگاکانی وانە وتنەوە هاتۆتە کایەوە، پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە تایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی گرنگی بدرێت بە بەکارهێنانی ڕێگاو ستراتیژیە نوێیەکانی وانە وتنەوە کە یەکێک لەو ستراتیژیانە بریتیە لە ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان چونکە کاریگەریەکی باشی دەبێت بۆ جیبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان. (وهیب و زیدان، 2001، ص 105)

هەروەها نمرەی دەستکەوت یەکێکە لە ئامانجە پەروەردەییەکان کە گرنگیەکی زۆری هەیە لە لای قوتابیان، ئەویش بریتیە لە

پێوەرێک بۆ نیشاندانی پێشکەوتنی قوتابی لە خوێندن و بەدەستهێنانی کۆمەڵێک شارەزایی و زانست و زانیاری کە دەتوانێت بەکاری بهێنێت لە هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانەی. (محمد،2008، ص 42)

زانست و بیرکردنەوە دوو چەمکی پێکەوە بەستراون و ناتوانرێت لە یەکتر جیا بکرێنەوە بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئاستی زانست و فێربوون و دەستکەوتی قوتابی بەرز بکەینەوە ئەوا دەبێت گرنگی بە هەموو جۆرەکانی بیرکردنەوە بدەین بە تایبەتیش بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە. بۆیە زۆرێک لە پەروەردیاران گرنگی دەدەن بە گەشە پێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەوەی قوتابی بە یارمەتی زانیاریەکانی پێشووی بگاتە بەرهەم هێنانی شارەزایی و زانیاری نوێ . (کاظم، 1981،ص49)

لەم توێژینەوەیەدا هەردوو توێژەر قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیان هەڵبژار وەک نموونەی توێژینەوە بەهۆی گرنگی ئەم قۆناغە کە قۆناغێکی گەشەکردنێکی خێرایە هەروەها قۆناغێکی ئاڵۆزە کە تیایدا تاک ڕوبەڕووی هەندێک گۆڕانکاری دەروونی و بایۆلۆجی و کۆمەلایەتی و هەڵچوونی و مەعریفی دەبێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە جیاواز دەبێت لە توێژینەوەکانی پێش خۆی چونکە بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی هەردوو توێژەر دەستیان کەوتووە، تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان هیچ توێژینەوەیەک لەبارەی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان نەکراوە، بۆیە دەکرێت توێژینەوەکە سوود بەخش بێت و هاندەر بێت بۆ توێژەرانی تر بۆ ئەوەی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم ستراتیژیە بکەن.

دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە.

1-دەکرێت سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگیرێت بۆ گەشەپێدان و ڕاهێنانکردن بە ماموستایان لەسەر ڕێگا هاوچەرخەکانی وانەووتنەوە.

2-هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیان هەیە بە کردەی فێرکردن لە سەرپەرشتیاران و ماموستایان و توێژەران دەتوانن سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژیەیە وەربگرن.

3-دەکرێت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سوودمەند بێت، بۆ ئەو پسپۆرانەی کە کار دەکەن لەبەرەو پێش بردن و گۆڕانکاری کردن لە پرۆگرامەکانی خوێندن ئەویش بە دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان.

4-ماموستایانی بابەتی زانستەکان دەتوانن سوود لەو تاقیکردنەوەیە ببینن کە لەو توێژینەوەیەدا بەکاردێت، بۆ ئەوەی بتوانن پرسیارەکانی تاقیکردنەوەیان دابنێن بەگوێرەی هەرەمی بلۆمی مەعریفی.

5-گرنگیدانمان بۆ بیرکردنەوە بەگشتی و بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە بەتایبەتی زیاد دەکات.

6-هاندەرە بۆ قوتابی کە چیتر وانەکانی ئەزبەر نەکات و توانای هەبێت لە تێگەیشتن و جێبەجێکردن و بەکارهێنانەوەی ئەوەی کە فێری بووە.

### 1- 3 ئامانجەکانی توێژینەوە.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1- زانینی جیاوازی نێوان وانەووتنەوە بە ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان و وانەووتنەوە بە ڕێگای ئاسایی لە سەر دەسکەوت لە بابەتی زانستەکان لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

2- زانینی کاریگەری ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

3- زانینی کاریگەری ڕێگای وانەووتنەوەی ئاسایی لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

4- زانینی جیاوازی نێوان وانەووتنەوە بە ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان و وانەووتنەوە بە ڕێگای ئاسایی لە سەر بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

### 1-4 گریمانەکانی توێژینەوە.

1-هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ڕێگای ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان وانەیان پێدەوترێتەوە و ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای

ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان.

2- هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی،لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لە لایەن قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ڕێگای ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان وانەیان پێدەوترێتەوە.

3- هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی،لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لە لایەن قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسای وانەیان پێدەوترێتەوە.

4- هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی جێبەجێکردنی پاشەکی،لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لە لایەن قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە کۆمەڵەی ئەزموونی بە ڕێگای ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان وانەیان پێدەوترێتەوەو کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە.

## 5-1 سنووری توێژینەوە.

1-سنووری بابەتی: بەشەکانی (دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە پەرتووکی زانست بۆ هەمووانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی-وەزارەتی پەروەردەی حوکمەتی هەرێمی کوردستانی عێراق-

2-سنووری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، لە قوتابخانەی ئاڤاری بنەڕەتی تێکەڵاو.

3-سنووری کات :وەرزی یەکەم لە سالی خوێندنی 2023- 2024

4-سنووری شوێنی:پەروەردەی ناوەندی سۆران، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی سۆران.

## 6-1 دەستنیشانکردنی زاراوەکان.

لەم توێژینەوەیەدا چەند زاراوەیەک هەیە دەتوانین پێناسەیان بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە.

1-ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان:

العزب والعبدالقادر(2004) پێناسەی دەکەن بەوەی( بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێکار و چالاکی فێرکاری و وانەووتنەوەو دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان کە ماموستا لەناو پۆل دا پێی هەڵدەستێت لە پێناو گەشەپێدانی کارامەییە جۆراوجۆرەکانی فێرخوازان) ( العزب وعبد القادر، 2004، ص50)

پێناسەی ڕێکاری ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان :

بریتیە لە کۆمەڵێک چالاکی و ڕێکاری زانستی کە توێژەر ئامادەی کردووە بە مەبەستی زانینی کاریگەری ئەو ستراتیژیە لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە.

2-دەستکەوت:

ابو جادو (2007) پێناسەی دەکات کە (بریتیە لەو زانست و زانیاریەی کە قوتابی فێری دەبێت لەو ماوە دیاری کراوەی کە بۆی تەرخان کراوەو دەپێورێت بەو نمرەیەی کە بەدەستی دەهێنێت لە تاقیکردنەوەی دەسکەوت ، بەمەبەستی زانینی کاریگەری ئەو ستراتیژیەی کە ماموستا دایدەنێت) (ابو جادو،2007 ،ص425)

پێناسەی ڕێکاری دەستکەوت:

بریتیە لە بڕێکی ژمارەیی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بە دەستی دەهێنن لە بابەتی زانستەکان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەیەک کە توێژەر ئامادەی کردووە بۆ مەبەستی زانینی ئاستی فێربوونیان.

3- بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە:

فتحي عبدالرحمن وجروان ( 2016) پێناسەی دەکەن کە (یەکێکە لە جۆرەکانی بیرکردنەوە ، مەبەست لێی چارەسەرکردنی گرفتێکە بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکی دیاریکراو لە ڕێگای دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان هۆکارو دەرئەنجامەکان ) (فتحي وجروان، 2016 ، ص9)

پێناسەی ڕێکاری بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە:

بریتیە لە توانای عەقلی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە گەیشتن بە دەرئەنجام و چارەسەرکردنی گرفتێک ئەویش لە ڕێگەی گواستنەوە لە بەشەوە بۆ گشت یان لە گشتەوە بۆ بەش.

## 2-چوارچێوەی تیۆری و لێکۆلینەوەکانی پێشوو

### 1-2 چوارچێوەی تیۆری.

چوارچێوەی تیۆری دابەش دەبێت بۆ دوو تەوەرە کە بریتین لە:

یەکەم:ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان.

ئەم ستراتیژیە لە سالی 1980 لەلایەن Feuerstin Reuven داهێنرا بۆ گرنکیدان بە گەشەپێدانی کارامەییە عەقلیە دیاریکراوەکانی قوتابیان، وانەووتنەوە بە بەکارهێنانی ئەو ستراتیژیە دەبێتە هۆی زیاد بوونی زانیاری و شارەزاییەکانی قوتابی و فێربوونی کۆمەڵە چالاکیەک کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگای وانە ووتنەوەی ئاسایی ناتوانێت دەستەبەری بکات ،لەم ستراتیژیەدا ماموستا هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی ڕێگاو هۆکارو ئامرازی ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆر بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو و ڕێکخراو نەک بە شێوەیەکی هەرەمەکی(Anita, C. 1997, P 373)

لە ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان ڕۆلی ماموستا جیاواز دەبێت لەو ڕۆڵە کلاسیکیەی کە پێشتر دەیگێڕا، ماموستا دەبێتە ناوەندێک لە نێوان قوتابی لە لایەک و وروژێنەرو زانیاریە جۆراوجۆرەکان لە لایەکی تر بە شێوەیەک زانیاری و وروژێنەرەکان ڕێک دەخات و دایاندەڕێژێتەوە و پێشکەشی قوتابیانی دەکات کە بە ئاسانی لێی تێبگەن و کارلێکی لەگەڵ بکەن و دووبارە بەکار بهێننەوە لە هەلویستە جۆراوجۆرەکان. (الصعیدي،2008، ص 7)

✓ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان و تیۆری مەعریفی.

ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان یەکێکە لەو ستراتیژیانەی کە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری مەعریفی هاتە کایەوە.

تیۆری مەعریفی گرنگیەکی ئێجگار زۆر دەدات بە کردارە عەقلی و مەعریفیەکان لە بواری پەروەردەو فێرکردن، بە گوێرەی ئەم تیۆرە مەعریفە کاتێک گەشە دەکات کە تاک ئەو زانیاریانەی وەری دەگرێت بیگۆڕێت بۆ شێوەیەک کە بتوانێت بەکاری بهێنێتەوە، زانایانی ئەم بوارە باوەڕیان وایە ژمارەیەک هۆکار هەن کاریگەریان لەسەر کردەی فێربوون هەیە کە بریتین لە پاڵنەرو بەئاگایی و یادەوەری و بەڵگەهێنانەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان، کەواتە بنەمای گشتی تیۆری مەعریفی بریتیە لە بیرکردنەوەو چارەسەرکردن لە جیاتی وەرگرتن و پەسەند کردنی زانیاریەکان بێ تێگەیشتن. (البنا، 2002 ،ص7)

✓ئامانجەکانی ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان.

الدوري ،(2012 ) کۆمەلێک ئامانجی دیاریکردووە بۆ ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان کە بریتین لە:

1-دەبێە هۆی کەم بوونەوەی هەست کردن بە بێزاری و ماندووبوون لە لای قوتابیان.

2- دەبێتە هۆی چێژ بەخشین بە وانەکە لە ڕێگای بەکارهێنانی زانیاری و ڕاهێنانی جۆراوجۆر .

3-گەشەپێدانی توانای فێرخوازان لە لایەنی عەقلی و مەعریفی.

4-گەشە پێدانی کارامەییەکانی شیکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان لای قونابیان . (الدوري،2012، ص 34)

✓ بنەماکانی ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان.

علاوي، (2020) ئاماژەی بە کۆمەلێک بنەما کردووە کە ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان پشتی پێ دەبەستێت لەوانە:

1-بەخێرایی گەیاندنی بابەتی وانەکە بە قوتابی.

2- تێگەیشتنی قوتابی لە ناوەڕۆک و جۆری ئەو زانیاریەی کە لایەن ماموستا پێشکەش دەکرێت .

3-فێربوونی کردەی چارەسەرکردن، وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو بیرکردنەوەی داهێنەرانەو کارامەیی چارەسەرکردنی کێشەکان.(علاوي 2020 ، ص 489)

هەروەها (Feuerstein ,1985) ژمارەیەک لە لایەنە ئەرێنیەکانی ستراتیژی دەولەمەند کردنی هۆکارەکانی باس کردووە، لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

1-ئەم شێوازە دەبێتە هۆی زیاد کردنی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیان.

2-دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نمرەی دەستکەوتی قوتابیان.
3-کارلێکی کۆمەلایەتی لە نێوان قوتابیان زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گیانی تەبایی و متمانە بەخۆکردن لەلایان.
4-ماموستایان هان دەدات کە شێوازو ڕێگای وانەووتنەوەی چالاک بەکاربهێنن بەمەبەستی باشترکردنی کردەی فێربوون لای قوتابیان. (Feuerstein, R.et. al, 1985, P 66)

✓ڕێکاریەکانی وانەووتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان:

بۆ وانە ووتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژی دەولەمەندکردنی هۆکارەکان، چەند هەنگاوێک دانراون لەلایەن Strang and Shayer(1993) کە بریتین لە:

1-قۆناغی پلان دانانی وانەکە.
لەم قۆناغەدا ئامانج و کاتی وانەکە دیاری دەکرێت و چالاکی فێرکاری بۆ خستنەڕووی وانەکە ئامادە دەکرێت، نموونەی جۆراوجۆر کە گونجاو بێت لەگەل ژینگەی فێرکردن و هەلۆیستەکانی تری ڕۆژانە پێشکەش دەکرێت .

2-قۆناغی جێبەجێ کردنی وانەکە:
ئەم قۆناغە لە چوار هەنگاوی سەرەکی پێک دێت کە بریتین لە.

أ-پێشەکی:
لەم هەنگاوەدا ماموستا ئاماجە ڕەفتاریەکان و ئەو کێشانەی کە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە دیاری دەکات و پێویستە قوتابی لەناو پۆلدا جێبەجێیان بکات، هەروەها پێویستە ماموستا لەوە دلنیا بێت کە قوتابیەکان تێگەیشتنی تەواویان هەیە بۆ زاراوەو چەمکەکان و ڕێنماییەکانی تایبەت بە وانەکە، پێویستە ماموستا قوتابی هان بدات و پالنەری فێربوونی لا بەهێز بکات و سەرنجی بۆ لای وانەکە ڕابکێشێت.

ب-کاری سەربەخۆ:
پێویستە ماموستا ئەو چالاکیانە دیاری بکات کە دواتر لە کاتی وانەکەدا ئەنجام دەدرێن ، هەروەها دەبێت بە بەردەوامی هاوکاری پێشکەش قوتابیان بکرێت و کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکەیان نیشان بدرێت، بەمەش متمانە بەخۆبوونیان لا زیاد دەبێت و بە هیچ شێوەیەک هەست بە بێزاری و ماندوو بوون ناکەن لەناو پۆلدا.

پ-گفتووگۆ:
دانانی کاتی پێویست لە لایەن ماموستا بۆ گفتوگۆ کردن و بیروڕا گۆڕینەوە بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان، هەروەها گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو وەلامانەی کە قوتابیەکان پێی گەیشتوون.

ت-هەلسەنگاندن:
بۆ دیاری کردنی ئاستی فێرخوازان و توانای فێربوون و تێگەیشتنیان، ماموستا هەلدەستێت بە هەلسەنگاندنی ئەو ئامانجە ڕەفتاریانەی کە پێشتر ئامادەی کردبوون بە گوێرەی ستراتیژی دەولەمەند کردنی هۆکارەکان. (Strang and Shayer,1993,319-322)

**دووەم: بیرکردنەوەی بەلگە هێنانەوە.**

بیرکردنەوەی بەلگە هێنانەوە یەکێکە لە شێوازە زانستیەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، کاتێک تاک ڕووبەڕووی گرفتێک یان پرسیارێک دەبێتەوە کە پیویستی بە چارەسەرەو هیچ شارەزاییەکی پێشووتری شک نابات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، ئا لەو کاتەدا چالاکیە عەقلیەکانی بەگەڕ دەخات ئەویش بەدانانی چەند گریمانەیەک پاشان کۆکردنەوەی زانیاری و دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان شارەزاییە کۆکراوەکانی ناو کۆئەندامی یاد کردنەوەی. (مراد ، 1996، ص 300 )

بیرکردنەوەی بەلگەهێنانەوە یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی بیرکردنەوە کە لێکۆلینەوە دەکات بۆ گەیشتن بە چارەسەرکردنی گرفتێک بە شێوەیەکی لۆژیکی بەمەبەستی بڕیار وەرگرتن و دانانی بنەماو یاسایەکی گشتی،یاساکەش بریتیە لە گواستنەوە لە بەشەوە بۆ گشت یان گواستنەوە لە گشتەوە بۆ بەش،لەم یاسایەدا هەرهەنگاوێک لە هەنگاوەکان بە بەلگەیەکی زانستی پشت

ڕاست نەکرێتەوە بەڕاست دانانرێت. (بدر، 2010، ص 102)

✓هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە.

1-هەست کردن بەهەبوونی گرفتێک.

2-دابەش کردنی گرفتەکە بۆ چەند بەشێک و دیاری کردنی بەهای هەر بەشێک پاشان کۆکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆر تایبەت بە کێشەکە.

3-دانانی گریمانە یان پێشنیار کردنی چارەسەرێکی کاتی.

4-گفتوگۆ کردن لەبارەی گریمانەکان.

5-گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی تێبینی و زانیاریەکان. (عبید و عفانة، 2003، ص 60)

✓تایبەتمەندیەکانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە.

محمد، عبید (2017) ژمارەیەک تایبەتمەندی بۆ بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە دیاری کردووە کە بریتین لە:

1-بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە ڕەفتارێکی ئامانجدارە بۆ چارەسەرکردنی گرفتێک.

2- بیرکردنەوەیەکی عەقلانیە بەهۆی دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان هۆکارو دەرئەنجامەکان.

3-گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی زانیاریەکان.

4-بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە هەموو زانیاریەکان بەکار دەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ووردو دروست.

5-ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەردوو کرداری جیاکردنەوەو گشتاندن. (محمد، 2017 ، ص 545)

2-2 توێژینەوەکانی پێشوو.

ژمارەیەک لە توێژینەوەی پێشوو هەن ، کە ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان لەخۆ دەگرێت، لەوانە:

### 1-توێژینەوەی Strang and Shayer (1993)

ناونیشانی توێژینەوە: کاریگەری ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان لەسەر گەشەکردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەو دەسکەوت لە بابەتی کیمیا لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەی باڵا لە لەندەن.

ڕێبازی توێژینەوە: ئەزموونی.

نمونەی توێژینەوە: 90 قوتابی.

ئامرازی بەکارهێنراو: تاقیکردنەوەی دەسکەوت و تاقیکردنەوەی توانا مەعریفیەکان.

ئەنجام:هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە هەریەکە لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەو دەسکەوت.

### 2- توێژینەوەی البنا، حمدی عباد العظیم (2002)

ناونیشانی توێژینەوە: کاریگەری ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان لەسەر دەسکەوت و جۆرەکانی پەسەندکردنی مەعریفی لە لایەن ئەو قوتابیانەی کە تووشی زەحمەتیەکانی فێربوونی زانست هاتوون لە قۆناغی بنەڕەتی.

ڕێبازی توێژینەوە: ئەزموونی.

نموونەی توێژینەوە: 46 قوتابی بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەش کراون، کۆمەڵەی ئەزموونی لە 21 قوتابی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش لە 25 قوتابی پێک دێن.

ئامرازی بەکارهێنراو: تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی دەسکەوت.

ئەنجام: هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە بەرژەوندی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە وانەکەیان خوێندووە بە ڕێگەی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان.

### 3-توێژینەوەی العزب وعبدالقادر(2004)

ناونیشانی توێژینەوە: کاریگەری ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان لە وانەووتنەوەی بیرکاری بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی بیرکاری وئاراستەی قوتابیان بەرەو بابەتەکە لە لایەن قوتابیانی کۆلێژەکانی

پەروەردە.

ڕێبازی توێژینەوە: ئەزموونی.

نموونەی توێژینەوە: 100 قوتابی.

ئامرازی بەکارهاتوو:تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی بیرکاری، پێوەری ئاراستە بەرەو بیرکاری.

ئەنجام: هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەڕاستی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی بیرکاری ، لە بەرژەوەندی نمرەکانی کۆمەلەی ئەزموونی. هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەڕاستی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە پێوەری ئاراستە بەرەو بیرکاری، لە بەرژەوەندی نمرەکانی کۆمەلەی ئەزموونی.

✓سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو.

دەکرێت سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگیرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا:

1-نووسینی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە.

2-ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە.

3-هەڵبژاردنی شێوازی ئاماری گونجاو.

4-بەراوردکردن لە نێوان ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو توێژینەوەی ئێستا.

## 3- ڕێکارییەکانی توێژینەوە

لەم بەشەدا ئەو ڕێکاریانە ڕوون دەکرێنەوە کە هەردوو توێژەر بەکاریان هێنا لە جێبەجێکردنی توێژینەوەکە، وەک ناساندنی کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوە، ئامرازی بەکارهێنراو بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، دڵنیا بوون لە ڕاستگۆیی و جێگیری، ئامرازە ئاماریەکان.

### 3-1 ڕێبازی توێژینەوە.

بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی توێژینەوە هەردوو توێژەر ڕێبازی ئەزموونیان بەکارهێنا، چونکە ئەم ڕێبازە زیاتر گونجاوە لەگەڵ ئەم جۆرە توێژینەوانە.

### 3-2 دیزاینی ئەزموونی.

هەردوو توێژەرە دیزاینی ئەزموونیان بۆ دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەکارهێنا، چونکە ئەم جۆرە توێژینەوانە پێویستیان بەم جۆرە دیزاینە هەیە، وەک لە خشتەی ژمارە (1) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(1)

دیزاینی توێژینەوە

<table>
<tr><th>کۆمەڵ</th><th>تاقیکردنەوەی پێشەکی</th><th>ڕێگای وانە وتنەوە</th><th>تاقیکردنەوەی پاشەکی</th></tr>
<tr><td>ئەزموونی</td><td rowspan="2">بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە</td><td>ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان</td><td>تاقیکردنەوەی دەستکەوت</td></tr>
<tr><td>کۆنترۆڵکراو</td><td>ڕێگای ئاسایی</td><td>تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە</td></tr>
</table>

### 3-3 کۆمەڵگای توێژینەوە.

کۆمەڵگای توێژینەوە  پێک دێت لە هەموو قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران کە ژمارەیان دەگاتە (1506) قوتابی لە (43) قوتابخانەی بنەڕەتی،بە گوێرەی زانیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران،کۆمەڵگای توێژینەوە بە مەبەست هەلبژێردرا چونکە شوێنی نیشتەجێ بوونی یەکێک لە توێژەرەکان دەکەوێتە سنووری ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ، ئینجا قوتابخانەی ئاڤاری بنەڕەتی تێکەڵاو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرا وەک نموونەیەک لە قوتابخانەکان.

### 4-3 نموونەی توێژینەوە.

نموونەی توێژینەوە پێک دێت لە (72) قوتابی لە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ئاڤاری بنەڕەتی تێکەڵاو سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران کە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەلبژێردرا لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، پاشان نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی تیرو پشک دابەش کرا بۆ دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو بەشێوەیەک هەر کۆمەڵەیەک (36) قوتابی لەخۆ دەگرێت،گرووپی ئەزموونی وانەکەیان دەخوێند بە بەکارهێنانی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان لە کاتێک دا گرووپی کۆنترۆڵکراو وانەکەیان دەخوێند بە ڕێگای ئاسایی، وەک لە خشتەی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (2)

نموونەی توێژینەوە

| قوتابخانە | پۆل | کۆمەڵە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| ئاڤاری بنەڕەتی تێکەڵاو | **هەشتەمی(أ)** | **ئەزموونی** | 36 |
| | **هەشتەمی (ب)** | **کۆنترۆڵکراو** | 36 |

### 5-3 هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو).

هەردوو توێژەر هەستان بە هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەکە لە چەند گۆڕاوێک لەوانە: دەستکەوتی پێشتر لە بابەتی زانستەکان،تەمەن، بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە، توێژەر نمرەی دەستکەوت و تەمەنی قوتابیانی لە قوتابخانە وەرگرت لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ تۆماری قۆناغی سالی پێشتریان ، پاشان هەستا بەجێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەلگە هێنانەوە، دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان ڕوون بووەوە کە هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت لە نێوان کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە گۆڕاوەکانی دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان و تەمەن و بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە،خشتەی ژمارە(3) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە(3)

ئەنجامەکانی تاقیکردنوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بۆ هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە گۆڕاوەکانی(دەستکەوت لە بابەتی زانست، تەمەن، بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە)

| بوارەکان | کۆمەڵەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەدانگی | بەهای t-test | | نمرەی سەربەست | بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمێرکراو | خشتەیی | | |
| دەستکەوت لە زانستەکان | ئەزموونی | 36 | 73.527 | 13.616 | 0.206 | 1.944 | 70 | بەڵگەدار نیە |
| | کۆنترڕۆڵکراو | 36 | 72.861 | 13.885 | | | | |
| | ئەزموونی | 36 | 14.833 | 0.941 | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | کۆنترۆڵکراو | 36 | 14.805 | 0.821 | 0.133 | 1.944 | 70 | بەڵگەدار نیە |
| بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە | ئەزموونی | 36 | 17.861 | 5.797 | 0.086 | 1.944 | 70 | بەڵگەدار نیە |
| | کۆنترۆڵکراو | 36 | 17.750 | 5.039 | | | | |

## 6-3 پاڵپشتیکەرەوەکانی توێژینەوە.

1-دیاری کردنی بابەتی وانەووتنەوە:هەردوو توێژەر هەستان بە دیاری کردنی بابەتی وانەووتنەوە لەماوەی ئەزموونەکە، کە پێک دێت لە بەشەکانی (دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە پەرتووکی زانست بۆ هەمووانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، لە وەرزی یەکەمی سالی خوێندنی 2023-2024

2-ئامادە کردنی پلانی وانەووتنەوە: هەردوو توێژەر هەستان بە ئامادەکردنی پلانی وانەووتنەوە بۆ بەشەکانی (دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم)،پاشان پێدانی نموونەیەک لە پلانەکە بە کۆمەڵێک لە پسپۆرانی بواری زانستەکان و ڕێگاکانی وانەووتنەوە بە مەبەستی زانینی تێبینی و سەرنجەکانیان لەسەر ڕاست و دروستی پلانەکە.

3-خشتەی نیشاندانی (وەصفی):هەردوو توێژەر خشتەی نیشاندانی(وەصفی)یان ئامادەکرد بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت، کە سێ ئاستی یەکەم لە هەرەمی بلۆم لە بواری مەعریفی لەخۆ دەگرێت ، کە ئەوانیش بریتین لە ئاستەکانی(یادکردنەوە، تێگەیشتن، پراکتیزەکردن)، پاشان ئەژمێرکردنی ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت و ڕێژەی گرنگی ئاستەکانی ئامانجە ڕەفتاریەکان ، بە گوێرەی ژمارەی لاپەڕەکانی هەر بەشێک بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە.

ڕێژەی گرنگی هەر بەشێک=ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو بەشە ÷ ژمارەی لاپەڕەکانی هەموو بەشەکان × 100%

وەک لە خشتەی ژمارە (4) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (4)

دابەش کردنە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەسکەوت بەگوێرەی ئاستەکانی فێربوون و گرنگی هەر بەشێک

| بەشەکان | گرنگی ڕێژەیی هەر بەشێک | ئامانجە فێرکاریەکان | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| | | یادکردنەوە 21% | تێگەیشتن 37% | پراکتیزە کردن 42% | 100% |
| دووەم | 10% | 1 | 1 | 1 | 3 |
| سێیەم | 35% | 2 | 3 | 4 | 9 |
| چوارەم | 25% | 1 | 2 | 2 | 5 |
| پێنجەم | 30% | 1 | 3 | 3 | 7 |
| سەرجەم | 100% | 5 | 9 | 10 | 24 |

### 3-7 ئامرازەکانی توێژینەوە.

**✓تاقیکردنەوەی دەستکەوت.**

لە پێناو جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی توێژینەوە، هەردوو توێژەر بە پشت بەستن بە پەرتووکی زانستەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ڕاو بۆچوونی ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانستەکان[1] هەستان بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت کە پێک دێت لە 24 برگە، پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەکە کە چوار جێگرەوەی هەیە تەنها یەکێکیان ڕاستە ، هەروەها تاقیکردنەوەکە تایبەتە بە بەشەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە پەرتووکی زانست بۆ هەمووانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و سێ ئاستی یەکەم لە هەرەمی بلۆمی مەعریفی لەخۆ دەگرێت، کە ئەوانیش بریتین لە ئاستەکانی (یادکردنەوە ،تێگەیشتن، پراکتیزەکردن)

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت.**

**1-دیاریکردنی ئامانجی تاقیکردنەوەکە:** ئامانجی سەرەکی لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەکە بریتیە لە پێوانی دەستکەوتی خوێندن لە لایەن قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستەکان.

**2-دیاریکردنی ئامانجە ڕەفتاریەکان:** کە سێ ئاستی یەکەم لە هەرەمی بلۆمی مەعریفی لەخۆ دەگرێت ، ئەوانیش بریتین لە ئاستەکانی(یادکردنەوە، تێگەیشتن، پراکتیزەکردن).

**3-دیاری کردنی بابەتی تاقیکردنەوە:** پێک دێت لە بەشەکانی دووەم و سێەم و چوارەم و پێنجەم لە پەرتووکی زانستەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

**4-ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوە:** برگەکانی تاقیکردنەوە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەکە،هەر پرسیارێک چوار جێگرەوەی هەیە.

**5-دارشتنی برگەکانی تاقیکردنەوە:** لە کاتی دانانی برگەکانی تاقیکردنەوەکە ڕەچاوی ئەم خاڵانە کراوە (برگەکان گونجاو بن لەگەل گەشەی مەعریفی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، بە زمانێکی ڕاست و زانستی داندرابن، ئەو وێنانەی لەگەڵ برگەکان هاوپێچ کراون ڕوون و ڕەوان بن).

**6-شێوەی سەرەتایی تاقیکردنەوە:** لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هەنگاوانەی سەرەوە تاقیکردنەوەکە بە شێوەی سەرەتایی ئامادەکرا کە پێکهاتووە لە 24 برگە.

**7-جێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی سەرەتایی:** دوای ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەشێوەی سەرەتایی،توێژەر هەستا بە جێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەیەکی سەرەتایی کە لە (62) قوتابی پێکهاتبوو، بە مەبەستی دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی برگەکانی تاقیکردنەوە، دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی و جێگیری، ئەژمێرکردنی هاوکۆڵکەی گرانی و جیاکاری پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە.

**8-دیاری کردنی کاتی تاقیکردنەوە:** لەکاتی جیبەجێکردنی سەرەتایی تاقیکردنەوەکە، هەردوو توێژەر بۆیان دەرکەوت کە کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (40) خولەکە، بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە.

ناوەڕاستە کات= کۆی هەموو کاتەکە بە خولەک ÷ ژمارەی قوتابیان

---

[1] کامەران نەوزاد ، حمایل حمدامین ، فاخر عیسی ، دلۆڤان تۆفیق

## 9-ڕاست و دروستی تاقیکردنەوە.

### أ- ڕاستگۆیی ناوەڕۆک.

بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستگۆیی ناوەڕۆک، تاقیکردنەوەکە بە شێوەی سەرەتایی خرایە بەردەستی ژمارەیەک لە پسپۆرانی ڕێگاکانی وانە ووتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن ، دواتر لە ژێر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانیان گۆڕانکاری لە هەندێک لە بڕگەکان کرا لە لایەنی زمانەوانی و زانستی، پاشکۆی ژمارە (1)

### ب- ڕاستگۆیی ڕێکخستنی ناوخۆیی.

بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستگۆیی ڕێکخستنی ناوخۆیی توێژەر هەستا بە ئەژمێرکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی هەموو پرسیارەکان و تاقیکردنەوەکە بەگشتی، هەروەک ڕوون کراوەتەوە لە خشتەی ژمارە (5).
خشتەی ژمارە (5)

هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی هەموو پرسیارەکان و تاقیکردنەوەکە بەگشتی

| بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.454** | 7 | 0.357** | 13 | 0.254* | 19 | 0.321* |
| 2 | 0.487** | 8 | 0.406** | 14 | 0.541** | 20 | 0.306* |
| 3 | 0.461** | 9 | 0.335** | 15 | 0.326** | 21 | 0.357** |
| 4 | 0.286* | 10 | 0.354** | 16 | 0.459** | 22 | 0.358** |
| 5 | 0.396** | 11 | 0.340** | 17 | 0.492** | 23 | 0.302* |
| 6 | 0. 261* | 12 | 0.272* | 18 | 0.433** | 24 | 0.344** |

**ر خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (60) و بەڵگەداری ئاماری (0.01) = 0.325
*ر خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (60) و بەڵگەداری ئاماری (0.05) = 0.250

لە خشتەی ژمارە (5) دیارە هاوکۆلکەی پەیوەندی خشتەیی کە دەکاتە (0.325) بە نمرەی سەربەستی (60) و بەڵگەداری ئاماری (0.01) بچوکترە لە هاوکۆلکە پەیوەندی نێوان هەر نمرەیەک و تاقیکردنەوەکە بە گشتی .
هەروەها هاوکۆلکەی پەیوەندی خشتەیی کە دەکاتە (0.250) بە نمرەی سەربەستی (60) و بەڵگەداری ئاماری (0.05) بچوکترە لە هاوکۆلکە پەیوەندی نێوان هەر نمرەیەک و تاقیکردنەوەکە بە گشتی ،ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە تاقیکردنەوەی دەستکەوت نمرەیەکی بەرزی هەیە لە ڕاستگۆیی ڕێکخستنی ناوخۆیی.

## 10-جێگیری تاقیکردنەوە.

هەردوو توێژەر جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوتیان دۆزیەوە بە بەکارهێنانی ڕێگای کردن بە دوو نیوە، بە دانانی پرسیارە تاکیەکان لە نیوەی یەکەم و پرسیارە جووتەکان لە نیوەی دووەم، بە بەکارهێنانی ئەم ڕیگایە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن گەیشتە (0.570)، لەبەر ئەوەی ئەو هاوکۆلکەی جێگیریە هی نیوەی تاقیکردنەوەکەیە بۆیە پێوستە هاوکۆلکەی سپێرمان-براونی گونجاندن بەکار بهێنرێت بۆ دۆزینەوەی هاوکۆلکەی جێگیری هەموو تاقیکردنەوەکە، ئینجا بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی سپێرمان-براونی گونجاندن هاوکۆلکەی جێگیری هەموو تاقیکردنەوەکە بەرز بووەوە بۆ (0.726) ،ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاقیکردنەوەکە نمرەیەکی بەرزی جێگیری هەیە، خشتەی ژمارە (6) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (6)

هاوکۆڵکەی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوت بە بەکارهێنان ڕێگای کردن بە دوو نیوە

| برگە | جیاکاری | گرانی | برگە | جیاکاری | گرانی | برگە | جیاکاری | گرانی | برگە | جیاکاری | گرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.529 | 0.441 | 7 | 0.470 | 0.411 | 13 | 0.294 | 0.558 | 19 | 0.412 | 0.323 |
| 2 | 0.588 | 0.352 | 8 | 0.529 | 0.323 | 14 | 0.588 | 0.352 | 20 | 0.411 | 0.441 |
| 3 | 0.530 | 0.264 | 9 | 0.352 | 0.235 | 15 | 0.412 | 0.264 | 21 | 0.411 | 0.500 |
| 4 | 0.294 | 0.441 | 10 | 0.470 | 0.352 | 16 | 0.529 | 0.323 | 22 | 0.352 | 0.529 |
| 5 | 0.352 | 0.352 | 11 | 0.294 | 0.352 | 17 | 0.588 | 0.470 | 23 | 0.411 | 0.382 |
| 6 | 0.235 | 0.411 | 12 | 0.294 | 0.500 | 18 | 0.470 | 0.294 | 24 | 0.352 | 0.352 |

**11- هاوکۆڵکەی گرانی و جیاکاری.**

هەردوو توێژەر هەستان بە ڕیزکردنی نمرەی نموونەی سەرەتایی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە،پاشان هەڵبژاردنی 27% وەک دوو کۆمەڵەی (بەرز و نزم) بەشێوەیەک هەر گرووپێک (17) قوتابی لەخۆ دەگرێت،دوای جێبەجێکردنی هاوکۆڵکەی گرانی و جیاکاری ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون کە خشتەی ژمارە (7) ڕوونی دەکاتەوە.

خشتەی ژمار (7)

هاوکۆڵکەی گرانی و جیاکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| تاقیکردنەوە بەگشتی | ژمارەی برگەکان | هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێش ڕێکخستن | ڕێکخستن بە هاوکۆڵکەی سپێرمان-براون | N |
|---|---|---|---|---|
| | 24 | 0.570 | 0.726 | 62 |

لە خشتەی پێشوو دیارە کە هاوکۆڵکەی جیاکاری لە نێوان هەموو برگەکانی تاقیکردنەوە لەنێوان(0.235 - 0.588) دایە و هاوکۆڵکەی گرانیش لەنێوان (0.235 - 0.500)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ پەسەندکردنی هەموو برگەکانی تاقیکردنەوەکە.

**12-شێوەی کۆتایی تاقیکردنەوە:** لەژێر ڕۆشنایی هەنگاوەکانی پێشووتر ،گەیشتین بەشێوەی کۆتایی تاقیکردنەوەی دەستکەوت کە لە (24) برگە پێک هاتووە.

**تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە.✓**

دوای گەڕان و پشکنین بە ئەدەبیاتی پەروەردەی تایبەت بە ڕیگاکانی وانەووتنەوەو دەروونزانی پەروەردە و نامەکانی ماستەرو دکتۆراو توێژینەوەکانی بواری پەروەردەیی لەوانە " التميمي. محسن (2008)، العموري.عمران (2015)، الیاسري

وفيه (2014)، الشمام .عاصم (2012) ، محمود. بيداء (2009) " هەردوو توێژەر هەستان بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە بۆ قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، تاقیکردنەوەکە لە (30) بڕگە پێک دێت لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک.

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە:**

**1-ئامانجی تاقیکردنەوە:** ئامانجی تاقیکردنەوەکە پێوانەکردنی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوەیە لەلایەن قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

**2-ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:** بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەکە،بەشێوەیەک بۆ هەر پرسیارێک چوار جێگرەوە داندراوە تەنها یەکێکیان ڕاستە.

**3-داڕشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەو:** بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بەشێوەیەک دانراون کە گونجاون لەگەڵ ئاستی گەشەی مەعریفی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ،بەزمانێکی ڕوون و ڕەوان و زانستیانە نووسراون.

**4-شێوەی سەراتایی تاقیکردنەوە:** تاقیکردنەوەکە بەشێوەی سەرەتایی پێکهاتووە لە (30) بڕگە ،پاشان خرایە بەردەستی کۆمەڵێک لە پسپۆران بۆ هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکەو دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی بڕگەکانی.

**5-جێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی سەرەتایی:** لە پێناو دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی و جێگیری، ئەژمێرکردنی هاوکۆلکەی جیاکاری پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە، هەردوو توێژەر تاقیکردنەوەکەیان جێبەجێکرد لەسەر نموونەی سەرەتایی کە ژمارەی تاکەکانی بریتی بوو لە (62) قوتابی.

**6- دیاری کردنی کاتی تاقیکردنەوە:** کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە کە یەکسانە بە (44) خوولەک بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە.

ناوەڕاستە کات= کۆی هەموو کاتەکە بە خوولەکڕ ÷ ژمارەی قوتابیان

**7-ڕاست و دروستی تاقیکردنەوە.**

**أ-ڕاستگۆیی ناوەڕۆک:**

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە ،بە شێوەی سەرەتایی خرایە بەر دەستی کۆمەڵێک لە پسپۆرانی بواری پەروەردە لە ڕێگاکانی وانەووتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن، بە مەبەستی زانینی ڕاوبۆچوونیان لەسەر گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە ، پاشان بە پشت بەستن بە تێبینی و سەرنجەکانیان هەردوو توێژەر بە باشیان زانی گۆڕانکاری بکەن لە هەندێک لە بڕگەو دەستەواژەکان بەتایبەتی لە لایەنی زانستی و زمانەوانی. پاشکۆی ژمارە (1)

**ب-ڕاستگۆیی ڕێکخستنی ناوخۆیی.**

بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی ڕێکخستنی ناوخۆیی هەردوو توێژەر هەستان بە ئەژمێرکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی هەموو پرسیارەکان و تاقیکردنەوەکە بەگشتی، هەروەک ڕوون کراوەتەوە لە خشتەی ژمارە (8) .

خشتەی ژمارە (8)

هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی هەموو پرسیارەکان و تاقیکردنەوەکە بەگشتی

| برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.370** | 6 | 0.282* | 11 | 0.292* | 16 | 0.529** | 21 | 0.452** | 26 | 0.467** |
| 2 | 0.341** | 7 | 0.352** | 12 | 0.375** | 17 | 0.396** | 22 | 0.295* | 27 | 0.348** |
| 3 | 0.522** | 8 | 0.473** | 13 | 0.338** | 18 | 0.387** | 23 | 0.392** | 28 | 0.533** |
| 4 | 0.299* | 9 | 0.529** | 14 | 0.346** | 19 | 0.393** | 24 | 0.389** | 29 | 0.392** |
| 5 | 0.473** | 10 | 0.468** | 15 | 0.464** | 20 | 0.366** | 25 | 0.353** | 30 | 0.309* |

**ر خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (60) و بەڵگەداری ئاماری (0.01) = 0.325

*ر خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (60) و بەڵگەداری ئاماری (0.05) = 0.250

لە خشتەی ژمارە(5) دیارە هاوکۆلکەی پەیوەندی خشتەیی کە دەکاتە (0.325) بە نمرەی سەربەستی (60) و بەڵگەداری ئاماری (0.01) بچوکترە لە هاوکۆلکە پەیوەندی نێوان هەر نمرەیەک و تاقیکردنەوەکە بە گشتی .

هەروەها هاوکۆلکەی پەیوەندی خشتەیی کە دەکاتە (0.250) بە نمرەی سەربەستی (60) و بەڵگەداری ئاماری (0.05) بچوکترە لە هاوکۆلکە پەیوەندی نێوان هەر نمرەیەک و تاقیکردنەوەکە بە گشتی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە نمرەیەکی بەرزی هەیە لە ڕاستگۆیی ڕێکخستنی ناوخۆیی.

## 8-جێگیری تاقیکردنەوە.

هەردوو توێژەر بە مەبەستی ئەژمێرکردنی جێگیری ڕێگای کردن بە دوو نیوەیان بەکارهێنا ، بە بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن گەیشتە (0.707)، لەبەر ئەوەی ئەو هاوکۆلکەی جێگیریە هی نیوەی تاقیکردنەوەکەیە بۆیە پێوستە هاوکۆلکەی سپێرمان-براونی گونجاندن بەکار بهێنرێت بۆ دۆزینەوەی هاوکۆلکەی جێگیری هەموو تاقیکردنەوەکە، ئینجا بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی سپێرمان-براونی گونجاندن هاوکۆلکەی جێگیری هەموو تاقیکردنەوەکە بەرز بووەوە بۆ(0.828) ،ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکە نمرەیەکی بەرزی هەیە لە جێگیری، خشتەی ژمارە (9) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (9)

جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی کردن بە دوو نیوە

| | ژمارەی برگەکان | هاوکۆلکەی پەیوەندی پێش ڕێکخستن | ڕێکخستن بە هاوکۆلکەی سپێرمان-براون | N |
|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوە بەگشتی | 30 | 0.707 | 0.828 | 62 |

## 9-هاوکۆلکەی جیاکاری تاقیکردنەوە.

هەردوو توێژەر هەستان بە ڕیزکردنی نمرەی نموونەی سەرەتایی لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە،پاشان هەڵبژاردنی 27% وەک دوو کۆمەڵەی (بەرز و نزم)،دوای جێبەجێکردنی هاوکۆلکەی جیاکاری ئەنجامەکە بەم شێوەیە بوو، برگەکانی

تاقیکردنەوەکە جیاکاریان لەنێوان(0.235–0.590) دابوو ئەمەش بەڵگەیە بۆ پەسەندکردنی هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە ، خشتەی ژمارە (10) ڕوونی دەکاتەوە.

خشتەی ژمار (10)

هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوە بەڵگەهێنانەوە

| بڕگە | جیاکاری | بڕگە | جیاکاری | بڕگە | جیاکاری | بڕگە | جیاکاری | بڕگە | جیاکاری | بڕگە | جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.411 | 6 | 0.235 | 11 | 0.294 | 16 | 0.590 | 21 | 0.590 | 26 | 0.352 |
| 2 | 0.411 | 7 | 0.235 | 12 | 0.411 | 17 | 0.470 | 22 | 0.294 | 27 | 0.352 |
| 3 | 0.588 | 8 | 0.529 | 13 | 0.411 | 18 | 0.294 | 23 | 0.590 | 28 | 0.529 |
| 4 | 0.352 | 9 | 0.529 | 14 | 0.588 | 19 | 0.470 | 24 | 0.352 | 29 | 0.352 |
| 5 | 0.235 | 10 | 0.529 | 15 | 0.470 | 20 | 0.470 | 25 | 0.294 | 30 | 0.411 |

**10–شێوەی کۆتایی تاقیکردنەوە:** لەژێر ڕۆشنایی هەنگاوەکانی پێشەو،گەیشتین بەشێوەی کۆتایی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە کە لە (30) بڕگە پێک دێت.

### 8–3 ئامرازە ئامارییەکان.

یان بەکار هێنا، بێجگە لەمەش بۆ شیکردنەوەیSPSS هەردوو توێژەر بۆ شیکردنەوەی داتا ئامارییەکان بەرنامەی ئاماری

یان بەکارهێنا.Microsoft Excelئەو داتایانەی تایبەتن بە  پێوانەو هەڵسەنگاندن لە یاساکانی جیاکاری و  گرانی بەرنامەی

## 4–خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو ڕاڤەکردنیان

ئەم بەشە بە شێوەیەکی گشتی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەو ڕاڤەکردنیان دەخاتەڕوو.

### 1–4خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم و ڕاڤەکردنی.

گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکە دەڵێت (هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ڕێگای ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان وانەیان پێدەوترێتەوەو ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان)

بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ئەم گریمانەیەهەردوو توێژەر هەستان بەجێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ خشتەی ژمارە (11) ڕوونی دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (11)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەتی خوێندن

*ت خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (70)، ئاستی بەڵگەداری (0.05) یەکسانە بە (1.944)

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (11) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەهای "ت" ئەژمێرکراو بە نمرەی سەربەستی (70) و لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) گەورەترە لە بەهای "ت" خشتەیی ، هەروەها ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە یەکسانە بە (19.694) گەوەترە لە ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە یەکسانە بە (10.500)،بێجگە لەمەش ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بە بەهای ئەگەری (0.00) بچووکترە لە (0.05).

ئەمەش بەڵگەیە بە هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەکە ، بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان ، بەمەش گریمانەی سفری یەکەم ڕەت دەکرێتەوە.

دەتوانین ڕاڤەی ئەمە بکەین بەوەی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان ڕۆلێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە بە سەنتەر کردنی قوتابیان لە پرۆسەی فێربووونداو، ڕێگایەکە بۆ فێربوونێکی چالاک و باشتر کۆگا کردنی زانیاریەکان لە یادەوەریداو گەڕانەوەیان لە کاتی پێویستدا، ئەو ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی البنا، حمدى عباد العظيم (2002).

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | بەهای"ت" | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 36 | 19.694 | 3.068 | 11.230 | 0.00 |
| کۆنترۆڵکراو | 36 | 10.500 | 3.835 | | |

## 2-4 خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی دووەم و ڕاڤەکردنی.

گریمانەی دووەمی ئەم توێژینەوە دەڵێت (هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی،لە

تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لە لایەن قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ڕێگای ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان وانەیان پێدەوترێتەوە).

بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ئەم گریمانەیە هەردوو توێژەر هەستان بەجێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی هاوبەش خشتەی ژمارە (12) ڕووونی دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (12)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی هاوبەش، لە جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی

| جێبەجێکردن | ژمارە | ناوەڕاست | لادانی پێودانگی | بەهای"ت" | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشەکی | 36 | 17.86 | 5.79 | 4.205 | 0.0001 |
| پاشەکی | 36 | 22.52 | 3.99 | | |

*ت خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (35)، ئاستی بەڵگەداری (0.05) یەکسانە بە (20.3)

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (12) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەهای "ت" خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (35) گەورەترە لە بەهای "ت" ئەژمێرکراو لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05)، ئەمەش بەڵگەیە بە هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی ،لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لە بەرژەوندی جێبەجێکردنی پاشەکی، بەمەش گریمانەی سفری دووەم ڕەت دەکرێتەوە دەتوانین ڕاڤەی ئەمە بکەین بەوەی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە، وانەوتنەوە بەم ستراتیژیە ڕۆڵی قوتابی دەگۆڕێت لە گوێگرێکەوە بۆ بەشداربوویەکی چالاک لە وانەکە،ئەرکی ماموستا تەنها ڕێنمایی کارێکەو قوتابی خۆی بەرپرسیارێتی خوێندتی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت.

## 3-4 خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی سێیەم و ڕاڤەکردنی.

گریمانەی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە دەڵێت (هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی،لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لە لایەن قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە).

بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ئەم گریمانەیە هەردوو توێژەر هەستان بەجێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی هاوبەش خشتەی ژمارە (13) ڕوونی دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (13)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی هاوبەش، لە جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو

| جێبەجێکردن | ژمارە | ناوەڕاست | لادانی پێودانگی | بەهای"ت" | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشەکی | 36 | 17.722 | 5.629 | 0.18- | 0.85 |
| پاشەکی | 36 | 17.972 | 4.913 | | |

*ت خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (35)، ئاستی بەڵگەداری (0.05) یەکسانە بە (20.3)

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (13) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەهای "ت" خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (35) بچووکترە لە بەهای "ت" ئەژمێرکراو لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05)،

ئەمەش بەڵگەیە کە هیچ جیاوازیەک بە بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکریێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ،لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە ، بەمەش گریمانەی سفری سێیەم پەسەند دەکرێتەوە.

دەتوانین ڕاڤەی ئەمە بکەین کە وانەووتنەوە بەڕێگای ئاسایی نابێتە هۆی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لە لایەن قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، چونکە لەم ڕێگایەدا ماموستا سەنتەری پڕۆسەی فێربوونەو قوتابیش تەنها ڕۆڵی وەرگری زانیاریەکان دەبینێت، جگە لەمەش وانەووتنەوە بە ڕێگای ئاسایی تەنها جەخت دەکاتە سەر ئەزبەرکردن و بیرهاتنەوی زانیاریەکان ئەمەش بەربەست دروست دەکات لە بەکارهێنانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە.

## 4-4 خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی چوارەم و ڕاڤەکردنی.

گریمانەی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە دەڵێت (هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) بەدی ناکریێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی جێبەجێکردنی پاشەکی،لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لە لایەن قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە کۆمەڵەی ئەزموونی بە ڕێگای ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان وانەیان پێدەوتریێتەوەو کۆمەڵەی کۆنترۆلکراویش بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوتریێتەوە).
بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ئەم گریمانەیەهەردوو توێژەر هەستان بەجێبەجێ کردنی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ خشتەی ژمارە (14) ڕوونی دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (14)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە

*ت خشتەیی بە نمرەی سەربەستی (70)، ئاستی بەڵگەداری (0.05) یەکسانە بە (1.944)
زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (14) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەهای "ت" ئەژمێرکراو بە نمرەی سەربەستی (70) و لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) گەورەترە لە بەهای "ت" خشتەیی ، هەروەها ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە یەکسانە بە (22.52) گەوەترە لە ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە یەکسانە بە (17.972)،بێجگە لەمەش ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بە بەهای ئەگەری (0.00) بچووکترە لە (0.05).

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | بەهای"ت" | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 36 | 22.52 | 3.99 | 4.102 | 0.00 |
| کۆنترۆلکراو | 36 | 17.972 | 4.913 | | |

ئەمەش بەڵگەیە بە هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.05) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەکە ، بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە، بەمەش گریمانەی سفری چوارەم ڕەت دەکرێتەوە.
دەتوانین ڕاڤەی ئەمە بکەین کە وانەووتنەوە بە ڕێگای ستراتیژی دەولەمەند کردنی هۆکارەکان گەشە بە بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە دەدات لەلای قوتابیان و قوتابیەک ئامادە دەکات کە بەشێوەیەکی لۆژیکی بیر بکاتەوەو بەڵگەی پێویستی لەبەر

دەست دا بێت بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوەو توانای بەستنەوەی زانیاریە کۆن و نوێیەکانی هەبێت بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی شایستە،واتا ئەم ستراتیژیە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی قوتابی زانیاریە کۆنەکانی خۆی بەگەڕ بخات و بەڵگەی پێویست کۆ بکاتەوەو بۆ ئەوەی شارەزایی و زانیاری نوێ بەدەست بهێنێت.

## 5-دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوە.

### 5-1 دەرئەنجامەکان

1-بەکارهێنانی ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستەکان.

2- بەکارهێنانی ستراتیژی دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکان دەبێتە هۆی گەشە پێدانی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

3-بەکارهێنانی ڕێگای وانەووتنەوەی ئاسایی نابێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت و گەشەکردنی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستەکان.

4-بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە لای قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی زیاترە وەک لە قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.

### 5-2 پێشنیارەکان

وەک تەواوکاریەک بۆ توێژینەوەی ئێستا، هەردوو توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانە دەکەن:

1-کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان لە سەر دەستکەت لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن.

2-کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان لە سەر گەشە پێدانی زیرەکی هەمەجۆر لە لایەن قوتابیان لە بابەتی زانستەکان.

3- کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان لە سەر کارامەییەکانی بیرکردنەوەی زانستی و چارەسەرکردنی کێشەکان.

### 5-3 ڕاسپاردەکان

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە هەردوو توێژەر ئەم ڕاسپاردانەیان خستەڕوو:

1-پێویستە ڕاهێنان بە ماموستایان بکرێت لە هەموو پسپۆڕیەکان بە تایبەتی ماموستایانی بابەتی زانستەکان، لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ستراتیژی دەوڵەمەندکردن هۆکارەکان بۆ وانەووتنەوەی قوتابیەکانیان.

2-ماموستایانی بابەتی زانستەکان ئاگادار بکرێنەوە لە پێویستی بەکارهێنانی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان چونکە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نمرەی دەستکەوتی قوتابیان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەیان بەگشتی و بیرکردنەوەی بەڵگە هێنانەوە بە تایبەتی.

3-دووبارە داڕشتنەوەی پەرتووکی زانستەکانی قۆناغی بنەڕەتی بە گوێرەی هەنگاوەکانی ستراتیژی دەوڵەمەند کردنی هۆکارەکان.

## ليستى سەرچاوەكان:

### سەرچاوەی عەرەبیەكان:


ابو جادو، محمد علي؛ نوفل، محمد بكر. (2007). *تعليم التفكير النظرية والتطبيق*. عمان: دار المسيرة للطباعة والنشر.

- البنا، حمدي عبد العظيم. (2002). فعالية الاثراء الوسيلي في التحصيل وتعديل أنماط التفضيل المعرفي للتلاميذ المتفوبين و صعوبات تعلم العلوم بالمرحلة الاعدادية. *مجلة كلية التربية،جامعة المنصور*.
- الدورى، داود سلمان. (2012). أثر استراتيجية الاثراء الوسيلي في تحصيل طلاب المرحلة المتوسطة في مادة التأريخ ،جامعة ديالى، كلية التربية للعلوم الانسانية،قسم العلوم التربوية والنفسية. رساله ماجستير غير منشوره.
- الصعيدى ، منصور.(2008). فاعلية استراجية الاثراء الوسيلي في تدريس الرياضيات واثرها على تنمية بعض مهارات التفكير لدى تلاميذ المرحلة الاعدادية، جامعة بنها،كلية التربية، رسالة ماجستير غير منشورة.
- العزب، محمد زهران؛ عبدالقادر، محمد عبدالقادر. (2004). فعالية استخدام إستراتيجية الإثراء الوسيلي في تدريس الرياضيات لتمية مهارات حل المشكلات اللفظية والاتجاه نحو المادة لدى طلاب كليات التربية، بحث منشور بالمؤتمر العلمي الرابع لتربويات الرياضيات يوليو.
- بدر، بثينة محمد. (2010). فعالية استخدام استراتيجية االثراء الوسيلي في تدريس الرياضيات على تنمية مهارات التفكير الاستدلالي والتحصيل ودافعية الانجاز الدراسي لدى طالبات المرحلة االعدادية. *دراسات عربية في التربية وعلم النفس، 4*(4).
- خالد، بن ناهس محمد. (2001). فاعلية برنامج مقترح لتنمية مهارات الاستدلال. كلية التربية، الرياض، رسالة ماجستير غير منشورة.
-زاير، سعد؛ عايز،ايمان ( 2014) . *مناهج اللغة العربية وطرائق تدريسها*. دار صفاء للطباعة والنشر والتوزيع ،عمان.
- عبيد، وليم؛ عفانة، عزو. (2003). *التفكير والمناهج الدراسي*. الامارات العربية المتحدة: مكتبة الفلالح.
- علاوي، فاطمة محمد. (2020). أثر استراتيجية الاثراء الوسيلي في تحصيل طالبات الصف الثاني المتوسط في مادة الجغرافية ،. *مجلة كلية التربية الاساسية، العدد (109)*( 26).
- فتحي، عبدالرحمن؛ جروان. (2016). *تعليم التفكير: مفاهيم وتطبيقات* (الإصدار ط9). القاهرة: دار الكتب الجامعي.
-كاظم, احمد. (1981). *تدريس العلوم*. القاهرة: دار النهضة العربية.
- محمد، عبيد سماح. (2017). فاعلية إستراتيجية باير في تنمية التفكير الاستدلالي. *مجلة البحوث التربوية والنفسية*(54).
. "ملامح البنية أكاديمية للتحصيل المعرفي كمتغير في دراسة التربية الرياضية." مجلة دراسات عربية في التربية وعلم النفس-)2008(- محمد، مصطفى مصر 1 (5): ص ص 56-97.
- مراد، يوسف. (1996). *مبادئُ علم النفس العام*. مصر: دار المعارف.
-وهيب، محمد ياسين ؛ زيدان، ندى فتاح.( 2001) . *برامج تنمية التفكير أنواعها- استراتيجياتها- أساليبها*. كلية التربية،جامعة الموصل.


### سەرچاوە ئینگلیزیەكان:


- Anita, C. (1997). The Effect of Instrumental Enrichment on The Reasoning Abilities, Achievement and Behavior of Elementary Alternative Education Students (Elementary School Students). *Diss, Abst, Int, 58*(2).
- Feuerstein, R.et. al. (1985). Instrument Enrichment (An Inter Vention Program for Structural Cognitive Modifiability- Theory and Practice). In; Sagal, J.&Chipman and Claser, R.: Thinking and Learning Skills. *Hillsdale, N.J: Thinking and Associates Publishers*.
- Strang, J; Shayer, M. (1993). Enhancing High School Students Achievement in Chemistry Through a Thinking Skills Approach. *International. Journal Science Education, 15*(3), p.p. (319- 337).

پاشکۆی (1) ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەری ڕاستگۆیی ئامرازەکان

پاشکۆی (2) تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە بابەتی زانستەکان

1-کام ڕستە لەمانە لەگەڵ پێشەنگیەکان دەگونجێ؟

أ-ناووک ڕاستەقینەن. ب-فرە خانەن.

ج-شانەی تایبەتمەندیان نیە. د-ناووک سەرەتایین.

2-مەبەست چیە لە زیندەوەری پێشەنگی؟

أ-بوونەوەرێکی زیندووە سەر بە شانشینی پێشەنگیەکانە.

ب-زنجیرەیەک لە خانەی کەڕوویی نازۆربوونیە.

ج-زنجیرەیەک لە دەزووە کەڕووە،بارستەیەکی لوول خواردوو پێک دێنن.

د-قەوزە یۆگلینیەکان و کولکدارەکان.

3-کامە لەم پێشەنگیانە بەرهەمهێنەری خۆراکن؟

أ-دایۆتۆمەکان. ب-ئەمیبا.

ج-کەڕووی مڵ. د-کولکدارەکان.

4-قەوزە یۆگلینیەکان جیادەکرێنەوە بە هەبوونی............

أ- ناووکی بچووک. ب-درۆزنە پێ.

ج-کولکەکان. د- قامچی.

5-پێشەنگیەکان جیاوازن لە ڕووەک و گیانەوەران،چونکە.

أ-پێشەنگیەکان ناتوخمانە زۆردەبن. ب- پێشەنگیەکان توخمانە زۆردەبن.

ج-هەندێک لە پێشەنگیەکان خۆراکی تایبەت بەخۆیان دروست دەکەن. د- پێشەنگیەکان کەمتر ئالۆزن

6-درەختە گەڵا وەریوەکان گەڵاکانی دەوەرێ بۆ.

أ-پاراستنی ئاو لە وەرزی ووشکی. ب-مانەوەی بە زیندوویی.

ج-خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆرانەکانی ژینگە د- هەموو ئەمانەی پێشوو.

7-یەکێک لەمانە بەڵگەیە بۆ ڕوودانی توخمە زۆربوون لە ڕووەکەکان.

أ-قەدە کشۆکەکان. ب-گرۆ ڕووەکیەکان.

ج-گوڵەکان. د-ڕووەکە بچکۆلەکان.

8-کامە لەم وێنانە نموونەی خانەی ڕووەکیە؟

أ- 

ب- 

ج- 

د- 

9-یەکێک لەمانە نموونەیە بۆ درەختە هەمیشە سەوزەکان.
أ-کەووت. ب-سندیان.
ج-سنۆبەر. د-بنار.

10-یەکێک لەمانە جیاکەرەوەیە بۆ هەموو گیانەوەرێک ؟
أ-ناتوخمانە زۆربوونی. ب-خۆراک بۆ خۆی بەرهەم دێنێت.
ج-چەند بەشێکی تایبەتمەندی هەیە. د-توانای گواستنەوەی نیە.

11-ئەو تایبەتمەندیە چیە کە دەیسەلمێنێت ئەو بوونەوەرە زیندووە، گیانەوەرە؟



أ- ئەندامی هەرسکردنی هەیە. ب- سوورِی خوێنی هەیە.
ج-هەست بە ژینگە دەکات. د- هەموو ئەوانەی پێشوو.

12-خشۆکەکان بە باشی خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ ژیانی سەر ووشکانی چونکە.
أ-پێستێکی تەنکی هەیە ب-ڕیشووی هەیە
ج-هێلکەی بێ توێکڵ دادەنێ. د- پێستێکی ئەستووری هەیەو هێلکەی بە توێکڵ داپۆشراوە.

13-خشۆکەکان توانای ئەوەیان هەیە هێلکە لەسەر ووشکانی دابنێن،چونکە.
أ- توێکلی هێڵکە ڕێگرە لە پیتێن. ب- توێکلی هێڵکە شێی ناو هێلکە دەپارێزێ.
ج- توێکل دوانۆکسیدی کاربۆن لەناو هێڵکە دەهێلێتەوە. د- توێکلی هێڵکە بوار بە چوونە دەرەوەی ئاو دەدات.

14-مەبەستمان چیە لە سەرەمێکۆتە؟
أ-بۆقێکی پێنەگەیشتووە لە ناو ئاودا دەژیت. ب- بۆقێکی پێگەیشتووە لە ناو ئاودا دەژیت.
ج- بۆقێکی پێنەگەیشتووە لەسەر ووشکانی دەژیت. د- بۆقێکی پێگەیشتووە لەسەر ووشکانی دەژیت.

15-جۆری گۆڕانی پلەی گەرمی لەلایەن زۆربەی ماسیەکان چیە؟
أ-پلەی گەرمی لەشیان ناگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانی پلەی گەرمی ژینگە.
ب-پشت بە ژینگەی دەورووبەر نابەستن بۆ هێشتنەوەی گەرمی.
ج-پلەی گەرمی لەشیان ڕێکدەخەن بەهۆی چالاکی گەرمی خانەکانی.
د- پلەی گەرمی لەشیان دەگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانی پلەی گەرمی ژینگە.

16-ئەم دوو ووشەیە (مشەخۆر، خانەخوێ) لەیەک ڕستەدا بەکار بهێنە.
أ-مشەخۆر زیان بە خانەخوێ دەگەیەنێت. ب- مشەخۆر زیان بە کەڕوو دەگەیەنێت.
ج- مشەخۆر زیان بە قەوزە دەگەیەنێت. د- مشەخۆر زیان بە بەکتریا دەگەیەنێت.

17-ئەو کەڕووەی لەم وێنەیەدا دیارە سەر بە چ کۆمەڵەیەکە؟



أ-کەڕووە توورەکەییەکان. ب- کەڕووە پێت گۆڕگێیەکان.
ج- کەڕووە پالپشتیەکان. د-کەرووە ناتەواوەکان.

18-پێویستە ئۆکسجین هەبێت تا هەموو زیندەوەرێک بتوانێت هەناسە بدات، ئەنجامی نەبوونی ئۆکسجین لە هەوادا.
أ-مردنی هەموو زیندەوەرانە. ب-مردنی هەندێکیانە.
ج-تەنها مانەوەی ڕووەکەکانە بە زیندوویی. د- تەنها مانەوەی گیانەوەرانە بە زیندوویی.

19-تیشکی خۆر بەسەرچاوەی ژیان دادەنرێت،بەهۆی:
أ-ئەنجامدانی کرداری ڕۆشنەپێکهاتن. ب-ڕوناک کردنەوەی زەوی.
ج-لەناو بردنی زیندەوەرە ووردبینە زیانبەخشەکان. د-هەریەکە لە (أ،ج)

20-ئەم بیرۆکەیە ڕوون بکەوە (پەڕین لە ڕووەکە گوڵدارەکان ڕوودەدات):
أ-بۆڕی پەڕین پێک دێت. ب-نێرەخانەو هێلکەخانە یەک دەگرێت.
ج- دەنکە هەلالەکان دەگوازرێنەوە لە پۆرگەوە بۆ کۆسپ. د-لە گوڵدا ڕوودەدات.

21-مەبەست چیە لە بەکارهێنەر ؟
أ-ڕووەکێکە لە قۆناغێکی زووی پێگەیشتندا بێت.
ب- گیانەوەرێکە لە قۆناغێکی زووی پێگەیشتندا بێت.
ج-بوونەوەرێکی زیندووە بوونەوەری زیندووی تر ناخوات.
د- بوونەوەرێکی زیندووە بوونەوەری زیندووی تر دەخوات.

22-ئەم وێنەیە بەکاربهێنە بۆ ئەوەی بزانیت چۆن ئەم پێشەنگیە دەجوولێت؟



أ-بەهۆی گەندە پێ. ب-بەهۆی کوڵکەکان.
ج-بەهۆی قامچیەکان. د-هەرگیز ناجولێت.

23- هێلکەی خشۆکەکان دووچاری ووشک بوونەوە نابێت لەسەر ووشکانی بەهۆی.
أ-توێکلی هێلکە پارێزگاری لە هێلکە دەکات. ب-هێلکە لەژێر بەرد دادەنێت.
ج- هێلکە لەژێر لمی بیابان دادەنێت. د-زۆربەیان هێلکە لەناو خۆڵ دادەنێن.

24-ماسیەکان ڕیشووەکانیان بەکاردەهێننی بۆ..
أ-لابردنی ئۆکسجین لە خوێن. ب-هەناسەدان
ج-لابردنی کاربۆن لە خوێن. د-جوولە.

پاشکۆی (3)تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی بەڵگەهێنانەوە

1-قوتابی هەوڵدەرەکان لە بابەتی زانستەکان ئارامگرن، موهەنەد قوتابیەکی ئارامگرە لە بابەتی زانستەکان کەواتە.
ا- هەوڵدەرەکان لە بابەتی زانستەکان بەرزترین نمرەیان هەیە لە قوتابخانە.
ب- هەوڵدەرەکان لە بابەتی زانستەکان نزمترین نمرەیان هەیە لە قوتابخانە.
ج- موهەنەد قوتابیەکی ئارامگرە.
د- هەوڵدەرەکان لە بابەتی زانستەکان سەرکەوتوون.

2-هەسارەی عەتارد نزیکترین هەسارەیە لە خۆر، کەواتە گەرمترین هەسارە لە کۆمەڵەی خۆر بریتیە لە.
أ-عەتارد ب-زوهرە
ج-موشتەری د-زەوی

3-شەمپانزی زیرەکیەکەی زیاترە لە فیل،هەروەها دۆلفین زیرەکیەکەی کەمترە لە فیل، کەواتە.
أ- دۆلفین زیرەکیەکەی کەمترە لە شەمپانزی. ب- شەمپانزی زیرەکیەکەی کەمترە دۆلفین.
ج- فیل زیرەکیەکەی زیاترە لە شەمپانزی. د-هەموویان زیرەکن.

4-کۆترو مراوی و هەڵۆ هەموویان باڵندەن، هەروەها زۆربەیان گیانەوەری مالین کەواتە.
أ-هەموو باڵندەیەک گیانەوەری مالیە. ب-هەندێک لە باڵندەکان گیانەوەری مالین.
ج-کەمێک لە باڵندەکان گیانەوەری مالین. د-هەموو گیانەوەرێکی کێڵگەیی لە باڵندەکانن.

5-ماسی تیشکدەری سوور تەنها لە دەریای سوور دەژیت، وە خالد دەستی کرد بە گەشتێک بۆ دەریای سوور بۆ ڕاوکردنی ماسیەکە.
أ-گەشتێکی مەڵەوانی کرد بۆ شارەزابوون لە دەریای سوور. ب-بۆ بینینی ئەو جۆرە ماسیە.
ج- بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش. د-گەشتەکەی بۆ دەریای سوور بوو.

6-ئەو مادانەی کە خاوەن بەندی هاوبەشن پلەی توانەوەیان نزمە،وە کاربۆناتی کالسیۆم خاوەن ئاویتەی ئایۆنیە کەواتە.
أ-پلەی توانەوەی نزمە. ب- پلەی توانەوەی نزم نیە.
ج- پلەی کولانی نزمە. د- پلەی کولانی بەرز نیە.

7-متمانە بەخۆ نەبوون دەبێتە هۆی ترس، هەروەها ترس دەبێتە هۆی کەوتن.کەواتە.
أ-کەوتن دەبێتە هۆی متمانە بەخۆ نەبوون. ب- ترس دەبێتە هۆی متمانە بەخۆ نەبوون.
ج- متمانە بەخۆ نەبوون دەبێتە هۆی کەوتن . د- متمانە بەخۆ نەبوون دەبێتە هۆی کەوتن .

8-شەقامەکان تاریک دەبن ئەگەر دیاردەی خۆرگیران ڕووبدات،خۆر لە بارودۆخی گیران دایە،کەواتە.
أ-شەقامەکان ڕووناکن. ب- شەقامەکان تاریک نین.
ج-شەقامەکان دەبریسکێنەوە. د- شەقامەکان ڕووناک نین.

9-ئەگەر ئاسن قورستر بێت لە لم، هەروەها چەو قورستر بێت لە خۆڵ و سوکتر بێت لم، ئەو کات سوکترینیان بریتیە لە.
أ-ئاسن. ب-لم.
ج-چەو. د-خۆڵ.

10-ئەگەر باران بارین لە کەشو هەوایەکی هەوراوی ڕوبدات،ئێستا باران نابارێت،کەواتە.
أ- لە کەش و هەوا هەور هەیە. ب- لە کەش و هەوا هەور نیە.
ج- لە کەش و هەوا دوکەڵ هەیە. د- لە کەش و هەوا دوکەڵ نیە.

١١-هەموو کانزایەک دەبریسکێتەوە،زێڕ کانزایەک،کەواتە زێڕ.
أ-ڕووناکی دەداتەوە. ب-بریسکانەوەی نیە.
ج-ڕووناکی دەمژێت. د-ڕووناکی ناداتەوە.

12-ئەگەر ئاوی سوێر تەندروست نەبێت بۆ خواردنەوە،هەروەها ئاوی دەریاو دەریاچەکان سوێر بێت،کەواتە.
أ-ئەو ئاوەی نا تەندروست بێت بۆ خواردنەوە سوێرە. ب-ئاوی دەریاچەکان ناتەندروستە بۆ خواردنەوە.
ج-ئاوی بیر تەندروستە بۆ خواردنەوە د-ئاوی تەندروست بۆ خواردنەوە سوێرە

١3-هەموو قوتابیەکان لە وەرزی (أ) سەرکەوتوو بوون، محمد قوتابی بوو لە هەمان وەرز،کەواتە.
أ-هیچ قوتابیەک سەرکەوتوو نەبوون لە وەرزەکانی تر. ب- محمد یەکێک بوو لە قوتابیە سەرکەوتووەکان.
ج- قوتابی کەوتوو هەبوو لە وەرزی (أ) د-سەرکەوتووەکان بریتی بوون لە قوتابیانی وەرزی (أ)

14-هەندێ لە گیانەوەران زیندەوەری تر دەخۆن،ئیسفەنج گیانەوەرە،کەواتە.
أ- ئیسفەنجەکان بڕبڕەی پشتیان هەیە. ب- ئیسفەنجەکان دەجوولێن بەشێوەیەکی هەمیشەیی.
ج- ئیسفەنجەکان زیندەوەری تر دەخۆن. د- ئیسفەنجەکان خۆیان خۆراکی خۆیان دروست دەکەن.
15-لە کاتی تێکەلکردنی گیراوەی (١) لەگەڵ گیراوەی (٢) مادەیەکی ڕەق پێک دێت، بارستایی مادە پێکهاتووەکە:
أ-گەورەترە لە بارستایی دوو گیراوەکە پێکەوە. ب-بچووکترە لە بارستایی دوو گیراوەکە پێکەوە.
ج- یەکسانە بە بارستایی دوو گیراوەکە پێکەوە. د-دەگۆڕێت بە گوێرەی تێکەل کردنەکە.

16-هەموو جگەرە کێشێک ددانەکانی زەرد هەڵدەگەڕێت بەلام هەندێکیان نا نالێنن بەدەست نەخۆشیەوە،کەواتە.
أ- هەموو ئەوانەی ددانەکانیان زەرد هەڵگەڕاون جگەرە کێشێن.
ب- هەموو ئەوانەی ددانەکانیان زەرد هەڵگەڕاون دەنالێنن بەدەست نەخۆشیەوە .
ج- هەندێک لەوانەی دەنالێنن بەدەست نەخۆشیەوە ددانەکانیان زەرد هەڵگەڕاون.
د-هیچ پەیوەندیەک نیە لە نێوان جگەرە کێشان و زەرد هەڵگەڕانی ددانەکان.

17-لە باخچەی ئاژەلان قوتابیانی باخچەی ساوایان بۆیان نیە بچنە ژوورەوە تەنها بە ئامادەبوونی باوکیان نەبیت، ئازاد پزیشکە، بەڵام دارا قوتابی باخچەی ساوایانە و توانی بچێتە ناو باخچەی ئاژەلان،کەواتە:

أ- ئازاد ناچێتە ناو باخچەی ئاژەلان. ب- ئازاد باوکی دارایە.

ج-دارا چووە ژوورەوە لەگەل باوکی. د- دارا قوتابی باخچەی ساوایان نیە.

18-لە نەخشەدا ڕەنگی دەریاکان شینە،کەواتە ڕەنگی دەریای ڕەش.

أ-سەوزە. ب-شینە.

ج-ڕەشە. د-سپیە.

19-میوە ڕەنگ سوورەکان ڤیتامینیان زیاترە لە ڕەنگ سەوزەکان، ئەگەر شلیک لە ڕەنگ سوورەکان بێت و سێو لە ڕەنگ سەوزەکان، کامە لەم دەستە واژانەی خوارەوە ڕاستە.

أ-شلیک ڤیتامینی زیاتر تێدایە لە سێو. ب- سێو ڤیتامینی زیاتر تێدایە لە شلیک.

ج-هەردووکیان یەکسانن. د-شووتی سوودی زیاترە.

20-هەموو کانزایەک بە گەرمی دەکشێت و بە ساردی دەچێتەوە یەک، ئاسن کانزایە، کەواتە.

أ- ئاسن دەچێتەوە یەک بە گەرمی. ب- ئاسن ناکشێت بە گەرمی.

ج- ئاسن دەچێتەوە یەک بە ساردی. د- ئاسن ناچێتەوە یەک بە ساردی.

21-ئەگەر خواردنی قوتووکراو گونجاو بێت بۆ خواردن،لەناو هەندێکیان دا مادەی پارێزەر هەیە کە زیانی هەیە بۆ تەندرووستی، کەواتە.

أ-هەندێک مادەی پارێزەر زیانی نیە بۆ تەندروستی.

ب-هەموو خواردنی قوتووکراو زیانی هەیە بۆ تەندروستی.

ج-هەموو ئەو خواردنانەی کە گونجاو بن بۆ خواردن بە سوودو تەندروستن.

د-هەموو خواردنی قوتووکراو باشن بۆ خواردن

22-ئەڤین هەموو ساڵێک لە قوتابیە یەکەمەکانە ،کەواتە بۆ ئەم ساڵ ناوەکەی لە ناو یەکێک لەمانە دەبێت.

أ- سەرکەوتووەکان. ب-یەکەم.

ج- یەکەمەکان. د-کەوتووەکان

23-بەکارهێنانی مۆبایل تا درەنگانی شەو دەبێتە هۆی شەو نخوونی و درەنگ نووستن و درەنگ لە خەو هەستان، وە پاشان نەچوون بۆ قوتابخانە و دەرنەچوون، کەواتە.

أ-هەموو ئامادەنەبوێک لە قوتابخانە لە وانەیە مۆبایل بەکار بهێنێت.

ب-زۆر بەکارهێنانی مۆبایل دەبێتە هۆی دەرنەچوون.

ج-بەکارهێنانی مۆبایل هەندێک جار چێژ بەخشە.

د- زۆر بەکارهێنانی مۆبایل گەشە کردنی زمانەوانی کەم دەکاتەوە.

24-پزیشکەکان ئامۆژگاری مندالان دەکەن لە نەخواردنی شیرینی پێش نووستن، تا ددانەکانیان تووشی کلۆر بوون نەبێت.

کەواتە.

أ-پێویستە مندالان قەدەغە بکرێن لە خواردنی شیرینی. ب-هەندێک شیرینی زیان بە مندالان دەگەیەنن.

ج- خواردنی شیرینی لە شەودا زیان بەخشە بۆ مندال. د-خواردنی شیرینی بە بەردەوامی دەبێتە هۆی قەلەوی.

25-هەموو شیردەرێک لە خوێن گەرمەکانە، ووشتر شیردەرە کەواتە.

أ-ووشتر گەرمی جیاوازە. ب- ووشتر گەرمی گۆڕاوە.

ج- ووشتر گەرمی نەگۆڕە. د-ووشتتر بەرگەی گەرما دەگرێت

26- هەموو مرۆڤێک هەڵە دەکات،زاناکان مرۆڤن،کەواتە زاناکان.

أ-هەڵە ناکەن. ب-هەڵە دەکەن.

ج-زیرەکن. د-بلیمەتن.

27-زۆربوونی زیندەوەرە ناوک سەرەتاییەکان بە کردارێکە پێی دەڵێن دوو کەرت بوون،بەکتریا لە زیندەوەرە ناوک سەرەتاییەکانە،کەواتە.

أ-بەکتریا زۆر دەبێت بە کەرتبوونی بەرایی. ب- بەکتریا زۆر دەبێت بەدوو کەرتبوون.

ج- بەکتریا زۆر دەبێت بە توخمانە. د-لە لایەن هەندێک بەکتریا سووڕی زۆربوونی ئالۆز هەیە.

28-ئەگەر هەسارەی پلۆتۆ لە هەسارە گەڕۆکەکان دەر بهێنرێت و لە هەسارە بچووکەکان دابنرێت، کەواتە ژمارەی هەسارە گەڕۆکەکان دەبێتە.

أ-7 ب-8

ج-9 د-10

29- هەموو ئۆتۆمبێلێک دەوەستێت کاتێک سووتەمەنیەکەی تەواو دەبێت، ئۆتۆمبێلێکەت دەوەستێت، کەواتە.

أ-نەمانی سووتەمەنی هۆکارە بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل.

ب-هەندێک ئۆتۆمبێل ناوەستێت بەهۆی نەمانی سوتەمەنیەکەی.

ج-ئۆتۆمبێلەکەت سووتەمەنیەکەی نەما.

د-هەندێک ئۆتۆمبێل دەوەستن بەهۆی نەمانی سوتەمەنیەکەی.

30-هەسارەی ئۆرانۆس بە ئاراستەی میلی کاتژمێر بە دەوری خۆر دەسووڕەتەوە، کەواتە ئەو هەسارەیەی دەسووڕەتەوە لە ڕۆژهەلاتەوە بەرەو ڕۆژ ئاوا بریتیە لە.

أ-ئۆرانۆس. ب-زوحەل. ج-مەریخ. د-موشتەر.

**فاعلية استراتيجيه الإثراء الوسيلي في تحصيل مادة العلوم لدى طلبة الصف الثامن الأساس وتنمية تفكيرهم الاستدلالي**

**كوفان صباح عبدالجبار**/ مدرسة آفار الاساسية المختلطة، مديرية تربية سوران، وزارة التربية، اقليم كوردستان–العراق
kovan.sabaah@gmail.com

**الهام احمد حمه الزهاوى**/ قسم اللغة العربية،كلية التربية الأساسية،جامعة صلاح الدين–أربيل، اقليم كوردستان–العراق
elham.hamma@su.edu.krd

**ملخص**

يهدف هذا البحث الى تعرف فاعلية استراتيجيه الإثراء الوسيلي في تحصيل مادة العلوم لدى طلبة الصف الثامن الأساس وتنمية تفكيرهم الاستدلالي،اتبع الباحثان المنهج التجريبي لمناسبة لهذا النوع من الدراسات.

و يكون مجتمع البحث من (1506) طالباًو طالبة من طلبة الصف الثامن الأساسي في مديرية تربية سوران،وقد تكونت عينة البحث من مجموعتين مجموعة ضابطة تكونت من (36) طالباً وطالبة، واخرى تجريبية تكونت من ( 36) طالباً وطالبة ، تم اختيارهم عشوائيا من مجتمع البحث للعام الدراسي 2023–2024 ولأجل تحقيق هدف البحث أعد الباحثان أداتين هما اختبار التحصيلي واختبار التفكير الاستدلالي ، وكان من نتائج البحث تفوق المجموعة التجريبية على المجموعة الضابطة في التحصيل والتفكير الاستدلالي.

**الكلمات المفتاحية:** الآثراء الوسيلي، التحصيل، التفكير الإستدلالي

**The Effectiveness of Instrumental Enrichment Strategy in the Achievement of Science Subject and the Development of Inferential Thinking Among Eighth-Grade Basic Students**

**Govan Sabah Abduljabar/**Avar Basic Mixid School, Soran Education Directorate, Ministry of Education, Kurdistan region, Iraq kovan.sabaah@gmail.com

**Elham Ahmad Hamma Al-Zahawi/** Department of Arabic Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
elham.hamma@su.edu.krd

**Abstract**

The current research aims to know " The effectiveness of instrumental enrichment strategy in the achievement of Science Subject and the development of inferential thinking among eighth-grade basic students". The researchers followed the experimental method.

The study population composed of 1506students at eighth-grade basic in Soran Education Directorate. and the research sample consisted of (72) students divided into two equal groups: experimental number (36) students studied using the instrumental enrichment strategy and control number (36) students studied in the usual way randomly selected for the academic year 2023/2024. To achieve the goals of the research ، the researchers prepared two study tools: achievement test، inferential thinking test One of the results of the research was the superiority of the experimental group that was studied according to the instrumental enrichment strategy over the control group in achievement and inferential thinking.

**Keywords:** instrumental enrichment, achievement, inferential thinking